ئینسایکلۆپیدیای کوردستان... ئاواتێکە

تا ئێستا چەن کارێ بەناوی ئینسایکلۆپیدیایەوە کەوتوونەتە کتێبخانەی کوردییەوە[١]... ئەمانە هیچ کامێکیان بەر چەمکی ئینسایکلۆپیدیا ناکەون و هیچ لە ئامانجەکانی جێبەجێ ناکەن... هەموو ئەرکی دڵسۆزیی تاکە کەسێن و هەوڵی سەرەتایی سادەن.

ئەگەر جاران تاکە کەسێ بۆی هەبوو خۆی لە دانانی ئینسایکلۆپیدیای گشتی بدات... ئێستا کە سەردەمی تەقینەوە و لافاوی زانیارییە... تاکە کەسێ هەرچەن بلیمەت و شارەزا و بەتوانێن بێ، هەرچەن کات و وزەی بۆ تەرخان بکات هەرگیز دەرەقەتی نایێ.

ئینسایکلۆپیدیای گشتی پرۆژەیەکی یەکجار فراوان و گەورە و مەزنە... بۆ وەدیهێنانی دەبێ دامودەزگای تایبەتیی بۆ تەرخان بکرێ... تێیدا بەسەدان شارەزا و پسپۆڕ بەپێی پلان و نەخشەیەکی ستراتیجیی دوورخایەن و ڕوون و دیار و ئامانجدار کار بکەن.

ئەم باسە هەوڵدانێکە بۆ پێناسێن و خستنەڕوویەکی خێرایی مێژووی ئینسایکلۆپیدیا و پێشنیارێکە بۆ سەرنج ڕاکێشانی کاربەدەستان بەڵکو بیر لە پرۆژەی دانانی (ئینسایکلۆپیدیای کوردستان) بکەنەوە. ئەمە لەم سەردەمەی ئێستاماندا پێویستییەکی نەتەوەیی یەکجار گرنگە و بەڵگە و نیشانەی قۆناغێکی پێشکەوتووی ڕۆشنبیرییە.

ئینسایکلۆپیدیا کتێبێکە یا زنجیرە کتێبێکە زانیاریی تێدا لە بارەی زانست و خەڵک و هونەر و ئەدەب و فەلسەفە و شوێن و... تاد تۆمار دەکرێ و بەپێرەو و هونەرێکی تایبەتی ڕیز دەکرێن و پێشکەش دەکرێن.

زاراوەی ئینسایکلۆپیدیا لە نەژاددا لەم دوو وشە گریکییەوە Enkyklios Paideia وەرگیراوە و داڕێژراوە، کە واتای (زانیاریی دەستاودەست) دەگەیەنن.

ئەوەی بیەوێ هەر زانیارییەکی لە بارەی هەر شتێ یا هەر بابەتێ دەستکەوێ... دەتوانێ پەنا بەرێتە بەر ئینسایکلۆپیدیا و ئەم ویستەی خۆی زۆر بەئاسانی بێنێتە دی بۆیە ئینسایکلۆپیدیا گرنگێتییەکی یەکجار زۆری هەیە بۆ بواری ئەکادیمی و ڕۆشنبیریی گشتی. پێویستە هەر ڕۆشنبیر و زانستخوازێک لە بەکارهێنانی ڕابێ و مامۆستایانی زانکۆ سوود و گرنگێتیی لە قوتابییان بگەیەنن.

ئینسایکلۆپیدیا گەلێ جۆری هەیە... (جیهانی) (گشتی) (تایبەتی)... ئێستا

بەهەزارانی لێ و بەدەیان زمان لەژێر دەستدایە... هەر یەکە لەمانە ئاست و سوود و ئامانجی تایبەتیی خۆی هەیە و بۆ پلەیەکی تایبەتیی ڕۆشنبیری و ئەکادیمیی دەست دەدا.

هەیە بابەتەکانی زۆر بەقووڵی و فراوانییەوە پێشکەش دەکات... هەشە زۆر بەکورتی و سادەیی.

ئینسایکلۆپیدیای (جیهانی) بۆی هەیە باسی هەموو شتێکی ئەم سروشتە بکات. هی (گشتی) تەرخانە بۆ بوارێک وەک (زانست)، (ئۆقیانۆس و دەریاکان) (فڕۆکە)... تاد. کەچی (تایبەتی)یەکە خۆی بەلقێکی بوارێکەوە دەبەستێتەوە... وەک (فیزیا) (فەلسەفەی یۆنانی) (جەنگی دووەمی جیهانی)... تاد.

ئینسایکلۆپیدیا چەند گشتی بێ... گشتیتری هەیە و چەن تایبەتی بێ تایبەتیتری هەیە.

چەن بەرەو گشتێتی بڕوا بابەتەکانی کورتتر و چڕتر دەبن و چەن بەرەو تایبەتێتی بڕوا فراوانتر دەبن.

مێژوونووسانی بیری مرۆڤایەتی، فەیلەسووفی گریکیی سەدەی چوارەمی پێش زایین ئەریستۆتل Aristotle (٣٨٤ - ٣٢٢پ. ز) بەباوک و دامەزرێنەری ئینسایکلۆپیدیا دادەنێن.

(ئەریستۆتل) یەکەم کەس بوو هەوڵی دا ئەو زانیاری و ڕاستییانەی لەو سەردەمەدا باو و پەرشوبڵاو بوون کۆیان بکاتەوە و بەزنجیرەیەک کتێب پێشکەشیان بکات و بیروڕا و بۆچوونی تایبەتیی خۆشی لە بارەیانەوە تۆمار کرد.

دوای (ئەریستۆتل) بەنزیکەی دووسەد ساڵ (مارکۆس تێرینیتەس ڤارۆ Marcus Terentius Varro (١١٦-٢٧ پ.ز) کە نووسەر و زانایەکی ڕۆمانی بوو کتێبێکی نۆ بەرگی لەسەر هونەر و زانست دانا بەناوی Disciplines (بارەکان). هیچ دانەیەکی ئەمە و ئەوەکەی (ئەریستۆتل) نەماوە و هەر لە ڕێی نووسەرانی دوای خۆیانەوە بەم کارانە زانراوە.

پلینی ذی ئێلدەر Pliny the Elder (٢٣-٧٩ز) نووسەرێکی تری ڕۆمانی بوو کتێبێکی بەناوی (مێژووی سروشتییەوە Historia Naturalis دانا تێیدا بەهەزاران لەتە زانیاری و ڕاستی لە بارەی ئاژەڵ و ڕووەک و خەڵک و شتەوە تۆمار کرد.

ئەمە زۆرتر بایەخی بەو جۆرە بابەت و زانیارییانە دەدا کە بەکەڵک ئەوانە دەهات کە

دەیانویست بێن بەفەرمانبەری میری.

ئایسیدۆر Isidor لە ساڵی (٦٢٣)دا ئینسایکلۆپیدیایەکی بیست بەرگی بەناوی ئەتیمۆلۆجیاوە Etymologiarum Libri XX ئامادە کرد. زانا و خوێندەوار و ڕۆشنبیرە ئەوروپاییەکان بۆ زیاتر لە هەزار ساڵ ئەمەیان وەک سەرچاوەیەکی ڕەسەن و سەرەکی بەکار دەهێنا.

(ابن قتيبة البغدادي) لە سەدەی نۆیەمی زایینیدا یەکەم ئینسایکلۆپیدیای بەزمانی عەرەبی بەناوی (كتاب عيون الاخبار)ەوە دانا.

لە دەوروبەری ساڵی (٩٩٠ز)دا بوو خوارزمی (مفاتيح العلوم)ی تەواو کرد. هەر لەو سەردەمەدا بوو چەن زانا و قوتابییەک لە بەسرە (رسائل إخوان الصفا)یان تەواو کرد.

باردۆلۆمیو دی گلانڤیل Bartholomew de Glanville مامۆستای زانستی ئایین لە پاریس ئینسایکلۆپیدیایەکی بەزمانی لاتینی بەناوی De Proprietatibus rerum لە سەرەتای سەدەی سیانزەهەمدا (لە بارەی شتەکانەوە) دانا... تێیدا زیاتر بایەخی بەبابەتی ئایینی و ڕەوشتی دەدا... زۆری بەسەردا نەچوو وەرگێڕدرایە سەر زۆربەی زمانە ئەوروپاییەکان و بۆ سەدان ساڵ وەک سەرچاوەیەکی گرنگ و سەرەکی لە زانکۆکانی ئەوروپا بەکار دەهێنرا.

لە ساڵی (١٢٤٤)دا (ئاوێنەی گەورەتر)ەکەی Speculum maius ڤینسینت بیاوڤایسی Vincent Beauvais دەرکەوت. لە ساڵی (١٢٧٣)دا (ما - توان - لین)ی چینی ئینسایکلۆپیدیایەکی (٣٨٤) بەرگیی بەناوی (لێکۆڵینەوەی گشتیی ڕۆشنبیری)یەوە دانا...

دوای ئەمانە... بەردەوام ئینسایکلۆپیدیای باشتر و ڕێکتر و تەواوتر و بەسوودتر لە دەرچووندا بوو... بەتایبەتی دوای داهاتنی چاپ و پەرەسەندنی هونەری بڵاوکردنەوە و گەشەسەندنی زانست و زۆربوونی زانیاری و ڕاستی لە بارەی سروشتەوە... گرنگێتی و پێویستی بەئینسایکلۆپیدیا زۆرتر دەبوو.

بۆ خۆ لادان لە درێژدادڕی و[2] پێشکەشکردنی مەبەستەکانی ئەم باسە بەشێوەیەکی ڕوون و ڕاستەوخۆ.. ڕووداوە هەرە گرنگەکانی مێژووی ئینسایکلۆپیدیا بەکورتی دەلیستێنین:

ساڵ	ڕووداوی مێژووی ئینسایکلۆپیدیا
١٥٠٦	(ڕافاییل مافیێ) لە (زانیاریی گشتی)دا بۆ یەکەم جار سەرگوزشتەی ناودارانی خستە ئینسایکلۆپیدیاوە.
١٥٤١	(ڕینگلبێرگی باسیلی) زاراوەی ئینسایکلۆپیدیای داڕشت وەک ناوێ بۆ ئەوەی بە(کتێبی سەرچاوە) ناو دەبرا.
١٧٠٤	(جۆن هەریس) لە (فەرهەنگی هونەری)دا... یەکەم ئینسایکلۆپیدیای (کۆکەسی)[3]ی دانا، تێیدا بۆ یەکەم جار بابەتەکانی لەسەر پێڕەوی ئەلفوبێ ڕیز کرد.
١٧٣٢	(جۆهان زێدلەر) لە (فەرهەنگی جیهانی)دا... سەرگوزشتەی ناودارانی زیندووی خستە ئینسایکلۆپیدیاوە.
١٧٦٨	یەکەم بەشی ئینسایکلۆپیدیای بەریتانی دەرکەوت.
١٨٢٩	یەکەم بەشی ئینسایکلۆپیدیای ئەمریکی دەرکەوت.
١٨٦٥	(پییێر لارووس) فەرهەنگی (لوگراندی لارووس)ی دەرکرد.
١٩٠٨	ئینسایکلۆپیدیای بەریتانیی منداڵان دەرکەوت.
١٩١٠	ئینسایکلۆپیدیای ئەمریکی منداڵان دەرکەوت.
١٩١٧	ئینسایکلۆپیدیای کتێبی جیهانی دەرکەوت.
١٩٤٨	ئینسایکلۆپیدیای ئۆکسفۆردی بچووک دەرکەوت.
١٩٨٠	ئینسایکلۆپیدیای ئەکادیمی ئەمریکی دەرچوو.

ئینسایکلۆپیدیای کوردستان... کۆکردنەوەی سامانی پەرشوبڵاوی نەتەوەیی و مێژووییمانە. دەورێکی هەرە گرنگ و باڵا لە پاراستنی کەلەپوور و مێژوو دەگێڕێ. گەشە بەزمان و ئاستی ڕۆشنبیریی کوردی دەدات و ناسنامەی کوردایەتیمان پتەوتر دەکات.

ئێستا بەسایەی ئەم بارودۆخە تازەیە و ئەم جموجۆڵە گەشە پیرۆزەی جیهانی زانست و ڕۆشنبیریی کوردی کە بۆ یەکەم جارە مێژوو بەخۆوەی دەبینێ و بەسایەی پێگەیشتنی هەزاران ڕۆشنبیر و شارەزا و پسپۆڕ و زانای لێهاتووی بروا پتەوی خوێن گەرم... لەگەڵ

پەرەسەندنی کۆمپیوتەر و چاپەمەنیی پێشکەوتوو... بەسایەی ئەمانەوە هەموو ئەنجامدان بەئەم کارە مەزنە گەلێ لە جاران ئاسانتر و ڕێکتر و خێراتر و بەئەنجامترە.

بۆ وەدیهێنانی ئەم پرۆژەیە... دەبێ دامودەزگایەکی تایبەتیی سەربەخۆی بۆ تەرخان بکرێ. شارەزا و پسپۆران یاسا و پێڕەوی ناوەوەی بۆ دابنێن و بەڕێوەی ببەن بەسوود وەرگرتن لەو ئەزموونە دوورودرێژە دەوڵەمەندە بەنرخەی مێژووی ئینسایکلۆپیدیای جیهانی و بەهاوکاری لەگەڵ زانکۆکان و کۆڕی زانیاری و یەکیەتی نووسەران و هەموو دامودەزگا ڕۆشنبیرییەکاندا، پلان و نەخشەیەکی ڕوون و دووربین (ستراتیجی) و ئامانجداری بۆ دابنێن و بکەونەکار[٤].

زۆر بەکورتی وەک پێشنیارێکی سەرەتاییی سادە هەیکەلی گشتیی دەزگای ئینسایکلۆپیدیا و پلانی کارکردنی دەخەینە ڕوو هیوادارین شارەزا و پسپۆڕان بکەونە موناقەشە و بەتێبینییەکانیان بەشداری بکەن لە تەواوکردن و پڕکردنەوەی کەموکوڕییەکانی.

هەیکەلی گشتی دەزگای ئینسایکلۆپیدیاکە شتێکی لەم جۆرەی خوارەوە دەبێ:



نەخشەی پێڕەوی کارکردن...

لیژنەیەکی ئامادەکردن دادەمەزرێنرێ... ئەم لیژنەیە سەرەتا بابەتە گشتییەکانی ئینسایکلۆپیدیاکە دەستنیشان دەکات... کە بەشێکی، ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە...

بابەتە گشتییەکانی ئینسایکلۆپیدیای کوردستان.

بۆ هەر بابەتێ لێپرسراوێکی شارەزای بابەتەکە دادەنرێ... لێپرسراوەکان هەموو کۆڕی بالاّی ئینسایکلۆپیدیاکە پێک دەهێنین...

هەنگاوەکانی کارکردن بەم جۆرە دەبێ:

١- لێپرسراوی هەر بابەتێک لیستەیەک بەناوی شارەزا و پسپۆڕانی بوارەکەی خۆی ئامادە دەکات.

٢- پێوەندییان لەگەڵدا دەکات و داوایان لێ دەکات هەریەکە لیستەیێ بەناوی بابەتەکان ئامادە بکات (بۆ نموونە ناوی چیاکانی کوردستان).

٣- لیستەکان دەکرێن بەیەک و وەک فەرهەنگ دەخرێنە کۆمپیوتەرەوە.

٤- ناوەکان بەسەر شارەزا و پسپۆڕاندا دابەش دەکرێن و داوایان لێ دەکرێ وتارێ لەسەر هەر بابەتێ ئامادە بکەن و فیکرەیەکی گشتی لە بارەیەوە پێشکەش بکەن.

٥- دوو شارەزا وتارەکە هەڵدەسەنگێنن و بەپێی پێویست بژار و دەسکاری دەکرێ و پەسندی دەکەن.

٦- دوای بڕیاردان لەسەری لە ڕووی زمانەوە سەیری دەکرێ.

٧- حەواڵەی بەشی چاپ و کۆمپیوتەر دەکرێ بۆ ئەوەی جێی خۆی بگرێ و بپارێزرێ.

بۆ ئەنجامدانی کارەکان... دەیان جۆر نامە و خشتە و فۆرمی چاپکراو ئامادە دەکرێ.

پرۆژەی ئینسایکلۆپیدیای کوردستان... ئەرکێکی نەتەوایەتی و زانستی و کۆمەڵایەتی و مێژوویییە... دەبێ هەر ڕۆشنبیرێکی کورد پشگیری بکات و بەشداری تێدا بکات.

ئەمە چەن تێبینییەکی خێرا و پێشنیارێک بوو لە بارەی ئاواتێکەوە... بەڵکو دێتەدی.

پەراوێز و سەرچاوەکان:

١- لەمانە؛

ا- شێخ عەبدولقادر بەرزنجی (١٩٧١) فەرهەنگی زانیاریی یا ئینساکیلۆپیدیای کورد - چاپخانەی ڕاپەڕین سلێمانی.

ب- خوسرەو جاف (١٩٨٩) دائیرەتولمەعاریف چاپخانەی ئەمینداریێتیی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان.

٢- بۆ زانیاریی زۆرتر لە بارەی مێژووی ئینسایکلۆپیدیاوە، سەیری بەرگی (E)ی ئینسایکلۆپیدیای (Britanica) لەژێر ناوی (Encychlopedia) بکە.

٣- (کۆکەسی)م بەرامبەر (تاکە کەسی) بەکارهێناوە.

٤- لە ل (٢١٨)ی بەرگی (E)ی ئینسایکلۆپیدیای (World book)ی ساڵی (١٩٨٢)دا... بەرنامە و هەنگاوەکانی دانانی ئینسایکلۆپیدیا زۆر بەوردی ڕوون کراوەتەوە.

٥- پرۆژەی دانانی ئینسایکلۆپیدیایەک بەکوردی - ئازاد عەبدولواحید ١٩٩٢ - بەدووبەش بڵاوکراوەتەوە.

٦- بدرخان السندي (١٩٨٣) القاموس الکردي الموحد حاجة قومية ملحة. گۆڤاری ڕۆژی کوردستان ژمارە (٦٠).

*** ئەم وتارە لە گۆڤاری ڕامان- دەزگای ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندنی گوڵان، ژمارە (٤١) ساڵی ١٩٩٩، لاپەرە ٢٧-٢٩ بڵاوکراوەتەوە.**